هەرێم... ڕۆژانە 195 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ کراوە

ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، ڕایگەیاند ڕۆژانە 195 هەزار بەرمیل نەوت ڕادەستی سۆمۆ کراوە،باسی لەوەشکرد داوا لە حکومەتی فیدراڵ دەکەین هاوشێوەی دەسیەی نەوت، دەسیەی داهاتی نانەوتیش یەکلایی بکرێتەوە .

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێم لە ڕاگەیەنراوێکدا بڵاویکردەوە: ئەمڕۆ چوارشەممە، بە سەرپەرشتیی سەرۆك وەزیران مەسرور بارزانی و ئامادەبوونی جێگری سەرۆك وەزیران قوباد تاڵەبانی، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان کۆ بووەوە.

لە بڕگەی یەکەمدا، لەلایەن ئومێد سەباح، سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، ڕاپۆرتێکی تایبەت بە بارودۆخی دارایی نوێی هەرێم لە ڕووی داهات و خەرجییەکان بە زانیاری و ژمارەی ورد خرایەڕوو کە لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابووری ئامادەکرابوو، لە ڕاپۆرتەکەدا ئاماژەبەوەدرا کە دوای ڕێککەوتنی سێقۆڵیی هەناردەکردنی نەوتی هەرێم، بارودۆخێکی دارایی نوێ لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ هاتووەتە ئاراوە کە پێویست بە پێداچوونەوە و خۆڕێکخستنەوە دەکات.

لە دوای گفتوگۆ، ئەنجومەنی وەزیران پشتیوانی خۆی بۆ بەردەوامبوون لەسەر جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی هەناردەکردنەوەی نەوتی هەرێمی کوردستان دووپاتکردەوە کە لە ڕۆژی 27ی ئەیلوولی 2025

ەوە کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و لە چەند ڕۆژی ڕابردوو، بە تێکڕایی ڕۆژانە 195 هەزار بەرمیل نەوت، لە کێڵگە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستان، لەلایەن وەزارەتی سامانە سروشتییەکانەوە، ڕادەستی کۆمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی سۆمۆ کراوە و لە بازاڕی جیهانی فرۆشراوە و داهاتەکەی گەڕاوەتەوە بۆ گەنجینەی فیدراڵ و هیوای خواست کە حکومەتی فیدراڵیش بەردەوام بێت لەسەر جێبەجێکردنی پابەندی خەرجکردنی مووچە و شایستەکانی هەرێمی کوردستان بە مانگی ئابی ساڵی 2025 و مانگەکانی تر، وەك ناوچەکانی دیکەی عێراق.

سەبارەت بە بابەتی بەشی گەنجینەی فیدراڵی، ئەنجومەنی وەزیران وێڕای دووپاتکردنەوەی پابەندی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بە هاوبەشی پێکردنی داهاتە نانەوتییەکان لەگەڵ وەزارەتی دارایی فیدراڵ، لە هەمانکاتدا جەخت دەکاتەوە لە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە پشتبەستن بە هەردوو ماددەی 29 لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە 6 ساڵی 2019 و ماددەی 21/دووەم لە یاسای بودجەی فیدراڵ کە بە دەقی یاسایی ڕوون و ئاشکرا، بەشی گەنجینەی فیدراڵی لە داهاتە نانەوتییەکان دیاری کردووە.

سەرەڕای جەختکردنەوەی ئەنجومەنی وەزیران، لەسەر گرنگی ڕەچاوکردنی ئەوەی کە وەزارەتی دارایی فیدراڵ تا ئێستا هیچ بڕە پارەیەکی بە هەرێم خەرجنەکردووە بۆ خەرجییەکانی بەکاربردن و وەبەرهێنانی هەرێم سەرەڕای هەبوونی تەرخانکراوی پێویست لە ناو خشتەکانی یاسای بودجەی فیدراڵ کە ساڵانە زیاتر لە 4 ترلیۆن دینارە، بۆیە ناچار هەرێمی کوردستان لە داهاتی ناوخۆی خۆی، ئەم خەرجییانەی ئەنجام داوە لە دوای داشکاندنی مانگانەی بەشی گەنجینەی فیدراڵی، وردەکاریی خەرجی و داهاتی هەرێمیش بە شێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا، لە چوارچێوەی تەرازووی پێداچوونەوە، مانگانە بە وەزارەتی دارایی فیدراڵ نێردراوە و لەلایەن دیوانی چاودێریی دارایی فیدراڵ و هەرێمیش لە سەرەتای ساڵی 2023 ەوە بە بەردەوامی وردبینی بۆ کراوە.

ئەنجومەنی وەزیران داواکارە لە حکومەتی فیدراڵ کە شاندی دانوستانکاری هەردوو حکومەت، لە ژێر سەرپەرشتی لیژنەی وەزاریی پێکهاتوو بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی فیدراڵ، بەردەوامی بە کۆبوونەوەکانیان بدەن بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی هاوبەش تا لە نزیکترین دەرفەتدا، هاوشێوەی دۆسیەی نەوت، دۆسیەی داهاتی نانەوتیش یەکلایی بکرێتەوە و ئیتر هیچ پاساو و بەربەستێك، نەکرێتە بیانوو بۆ کێشەی مووچە.

بڕگەی دووەم تایبەت بوو بە پێشنیارێکی وەزارەتی داد بە هەڵوەشاندنەوەی کارکردن بە بڕیارێکی پێشووی ئەنجومەنی ئابووریی هەرێمی کوردستان، کە لەلایەن فەرسەت ئەحمەد، وەزیری داد خرایەڕوو و پێشنیاری هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکەی کرد، چونکە بڕگەکانی لەگەڵ یاسای نوێی فرۆشتن و بەکرێدانی موڵك و ماڵی دەوڵەت ژمارە 1ی ساڵی 2021 ناگونجێت.

دوای گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، ئەنجومەنی وەزیران دەنگی لەسەر هەڵوەشاندنەوەکە دا.

□ل□ ب□گ□ی س□ی□مدا، □□ب□ر ئ□حم□د، و□زیری ناوخ□، □ا پ□رت□کی ل□بار□ی (□□ب□ری س□لام□تی) پ□شک□ش کرد ک□ ئامانجی ئ□م □□ب□ر□ پاراستنی گیان و سامانی هاوو□اتییانی ه□ر□می کوردستان ل□لای□ن و□زار□تی ناوخ□ ئاماد□ کراو□.

□□□ب□ری س□لام□تی؛ بریتیی□ ل□ ک□م□□□ك پ□و□ر و □□نمایی ک□ ب□ م□ب□ستی پاراستنی ژیان و سامانی هاونیشتمانییانی ه□ر□می کوردستان و دابینکردنی ژینگ□ی□کی س□لام□ت و پار□زراو ل□ ک□م□□گ□دا دانراون و ب□پ□ی ئ□م □□ب□ر□ پ□ویست□ ل□ دروستکردنی با□□خان□ و کارگ□ و پ□□ژ□ی گ□ور□ و بچووك □□چاوی م□رج□کانی س□لام□تی بکر□ت.

□ئ□نجوم□نی و□زیران و□□ای د□ستخ□شی ل□ تیمی ئاماد□کاری □□ب□ری س□لام□تی و کارم□ندانی و□زار□تی ناوخ□، □□ب□ری س□لام□تی ب□ ز□رین□ی د□نگ پ□س□ند کرد و د□س□□اتیشی ب□ و□زیری ناوخ□ دا ب□ د□رکردنی □□نمایی پ□ویست ب□ ئاسانکاری ج□ب□ج□کردنی □□ب□ری س□لام□تی.